

پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٢٤

# پەیامی پشتگیری

## مەلا عومەر و مەلا مصطفی،
# پێشوازی و خۆنیشاندان
## (عێراق و ئۆکرانیا)

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیره (٢٤)

# مەلا عومەر و مەلا مصطفی، پێشوازی و خۆنیشاندان (عێراق و ئۆکرانیا)

# پەیامی پشتگیری

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
ڕۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

ناوی کتێب: مەلا عومەر و مەلا مصطفی، پێشوازی و خۆنیشاندان (عێراق و ئۆکرانیا)

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

زۆرینـەی خەڵـك ئەقڵـی لـە چاویایەتـی، ڕاگەیاندنـە جیهانیەکانیـش ئەوەیـان قۆسـتوەتەوە، هەربۆیـە دەبینیـن ڕۆژانـە سـەدان دیمەنـی جۆربەجۆرمـان نیشـان دەدەن، وە نەبێـت ئـەو دیمەنانـە گرنگتریـن ڕوداوەکانـی ڕۆژبـن، یـان سـەرچاوەی لـە مـرۆڤ دۆسـتیەوە بێـت، کوردیـش جوانـی وتـوە ماسـی لـە ئـاوی لێڵـدا چاکتـر ڕاو دەکرێـت، کـە دیمەنەکانـی بەرچـاو زۆر بـوون، ئەوسا بـێ ئـاگا دەبیـن لـەوەی لـە پشـت کامێـراوە چ دەگوزەرێـت.

منداڵێـك دەبینیـن لـە نێـو زباڵـەدا فـڕێ دراوە، وەیـان لەبـەردەم مزگەوتێکدا دانـراوە، هەمـووی قسـە بـەو دایکـە بـێ ڕەحمـە دەڵێـت کـە دڵـی هاتـوە بـەو شـێوەیە منداڵەکـەی بـێ نـاز بکات، بـێ ئـاگا لـەوەی لـە پشـت ئـەو ڕوداوەوە دەیـان پیـاوی بـێ ڕەحـم هەیـە، پیـاوەکان زۆرجـار بـۆ شـەهوەتی خۆیـان نـە خـوا دەناسـن نـە پێغەمبـەر، هەندێـك خـواو پێغەمبـەر دەکاتـە بیانـو، هەندێـك دیموکراسـی و تەکنەلۆژیـا.

ڕاسـتە لـە شـەرعدا ڕێگـەدراوە ژنێکـی تـر بهێنیـت، بـەڵام نـەك لـە رقـی ژنەکـەت، ئاخـر ئێمـە وامـان کـردووە بۆیـە ژنەکانمـان رازی نیـن ژنـی

تـر بهێنیـت، کـە بـو بـە دەمەقاڵـەو شـەڕمان، یەکسـەر هەڕەشـەی لـێ دەکەیـن و دەڵێیـن بەخـوا ژنێـك دەهێنینـە سـەرت، لـە کاتێکـدا ئـەوە وتـراوە قاپێکیشـی بـە تورەییـەوە بـۆ فڕێـدراوە، ئەویـش وەك سـزایەك دەیبینێـت، بۆیـە هەرگیـز ناتوانێـت خۆشـی بوێـت.

کەسـێکی تـر دراماکان تاوانەکانـی لا جـوان کـردوە، ژنەکـەی خـۆی لەبەرچـاو کەوتـوە، ژنـی دامـاو بەیانـی تـا ئێـوارە لـە مەطبـەغ و خەریکـی خزمەتکردنـە، پیاویـش بـە کۆمەڵێـك میوانـەوە دێتـەوەو لەبـری دەستخۆشـی دەڵـێ خواردنەکـەت هـەر خـواردن نەبـوو، بەخـوا تـۆ حەیـات بردیـن لای ئـەو میوانانـە، یاخـوا دەستەکانت بشـکێت! دواتریـش دەڵـێ ئـێ ئافرەتەکـە بـۆ دەسـتێك ناهێنیـت بەخۆتـدا، بۆنـی فاسـۆلیاو برنـج و مەرگـەت لـێ دێـت، نابینـی فلیمـە تورکیـەکان ئافرەتەکانیـان چەنـد جوانـن، پیـاو هـەر خەریکە بۆیـان شـێت دەبێـت، بـێ ئـاگا لـەوەی ئـەو ئافرەتانـە لـە سـاڵۆنی تایبـەت ئامادەکـراون بۆ پێـش کامێرا، سـەدجار لەقتەکانیـان پـێ دوبـارە کردونەتـەوە، ددانەکانیـان بۆیاخی سـپی کردووە تـا جـوان دەرکەوێـت، هەرچـی کەرەسـتەی جوانکاریـە بەکاریـان هێنـاوە بـۆ ئـەو سـاتانە، پیـاوەکان زۆرجـار بـە پـارەی میللـەت بـەدوای شـەهوەت و هەوەسـبازی خۆیـان دەکـەون.

دیمەنەکانـی ڕاگەیانـدن بەهەمـو شـێوەیەك دەمانجوڵێنـن، نـەك بـۆ ئـەوەی چاکەکاربیـن، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی چاکەمـان لەبەرچـاو بکەوێـت، ڕۆژانـە فێـری چەندیـن نمایشـی جۆربەجۆرمـان دەکـەن، یـاری پۆبجـی دروسـت دەکرێـت تـا ئەگـەر حـەزی کوشـتنت لە ناخـدا بێت لەگـەڵ ئامێرەکانـدا ئەو حـەزەت خاڵـی بکەیتـەوە، کەچـی لـەوێ خـۆی فێـر دەکات و لـە مزگەوتـدا تاقـی دەکاتـەوە، نمونـەی مزگەوتەکـەی نیوزیلانـد لـە ٢٠١٩/٠٣/١٥.

مرۆڤـەکان ئەمڕۆ زۆری لـە قاڵبـی مرۆڤایەتـی دەرچـون، ئێمـە لێمـان تێـك

دەچێت! دەڵێن نا ئەوە نی یە هەروەك خۆمانن، دوو پێیان هەیە، ما شاء الله سیماشیان زۆر جوانە، هەربۆیە موحاسەبەی قیامەتی لەسەر شکڵ و سیما نی یە، تۆ جوان بیت یان ناشرین درێژ یان کورت، هیچی ئەوانە دەستی خۆتی تێدا نی یە، فەلسەفەی ئیسلام زۆرجوانە، موحاسەبەت دەکات تەنها لەسەر ئەوەی کە دەستی خۆتی تیایە، ئەمڕۆ ئێمە سەدان موحاسبە دەکرێن بەهۆی سەرو شکڵمان، شەڕی رەش و سپی هێشتا کۆتایی نەهاتووە.
کابرا کورتە باڵا بوو لە کوردستان، رۆشت بۆ ئەوەی پارەی کەم ئەندامی بۆ ببڕنەوە، قیاسیان کرد وتیان تۆ باڵات بەرزە، سامتینێك بەرزتریت و شمولت ناکات، رۆشت بۆ ئەوەی ببێت بە پۆلیس وتیان تۆ باڵات نزمەو شمولت ناکات، ئاسمان بەرزو زەوی سەخت.
ئاخر ئەی هاوار مرۆڤ چۆن بەرگەی ئەو هەمو دابەش بونە دەگرێت، بەسەر دیندا، بەسەر نەتەوەدا، بەسەر قەومدا، بەسەر حیزبدا، بەسەر باڵ و باڵ باڵێندا، بەسەر ناوچەو ناوچەگەریدا، بەسەر زمان و لەهجەی جیاوازدا، هەزاران دابەشبون لە دونیای ئەمڕۆدا بەچاوی خۆمان دەیبینن، هەموشمان بوین بە بەشێك لەو تاوانانە، زۆرجار بێ شەرمانەش موناقەشەشی لەسەر دەکەین لە تیقیەکانەوە.
بەناو مسوڵمانین بەڵام سەیری قورئان ناکەین، یەك ئایەت هەموو ئەو جیاوازیانەی یەکلا کردوەتەوە تەنها لەو ئایەتە وردبنەوە کە دەفەرموێت (**يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ) الحجرات ١٣.**
ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێرو مێ یەك، وە کردومانن بە چەند گەل و هۆزەوە، تا یەکتری بناسن، بەڕاستی

بەڕێـز ترینتـان لای خـوا پارێـزگار ترینتانـە، بێگومـان خـوا زانـای ئـاگادارە.
یـەك ئایـەت حەلـی هـەزاران كێشـە دەكات، بابـای بەنـاو ڕۆشـنبیر لەبـری ئـەوەی دانـی پێـدا بنـێ، ئینـكاری لـێ دەكات.
سـەیری قورئـان بكـەن عەزیـزان، كـە باسـی چاكـەو خراپـەی كەسـەكانیش دەكات، جەختـی لەسـەر سـیفەتەكانە، فیرعـەو بـە فیرعەونـی خـۆی نازانیـن سـیمای چـۆن بـوە، یـەك ئایـەت باسـی كـورت و درێـژی نـاكات، پێغەمبـەران بـەو هەمـو چاكیانـەی خۆیانـەوە، هەتـا باسـی سـیمایان نـاكات.
كـە باسـی پێغەمبـەران دەكرێـت لـە قورئانـدا سـیفەتەكانیانمان بـۆ دەستنیشـان دەكات.
**(وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِبْرَاهِيمَ ۚ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا) مريم ٤١**
ئیبراهم چی بوو؟ راستگۆ!
**(وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ ۚ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا) مريم ٥٤**
ئیسماعیل چی بوو؟ بەڵێن پارێز!
**(اذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مُوسَىٰ ۚ إِنَّهُ كَانَ مُخْلَصًا وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا) مريم ٥١**
موسا چی بوو؟ موخلص بو!
قورئـان فولـە، لـەم جـۆرە شـتانە، فێرمـان دەكات سـیفەتەكانمان بگۆڕیـن، راسـتگۆبین، بەڵێـن پارێـز بیـن، موخلـص و نیـەت پـاك بیـن.
پـارەم دا بـە كەسـێك بـە سـیماكەی خەڵەتـام، ئـەوە دە سـاڵە لێـم ون بـوە، خەمـی پارەكـەم نـی یـە خەمـی بەدبەختـی ئەومـە، ئیمامـی عومـەر كەسـێك پـڕی دایـە شـتومەكێكی و فڕاندنـی و ڕایكـرد، ئەویـش هـاواری كـرد وتـی: ئـەوە پێشكەشـم كـردی، تـۆش بڵـێ قبوڵـم كـرد، بـا لـە قیامەتـدا قـەرزار نەبیـت.

کاتێك ئـەو ئایەتانـە جـێ بەجـێ ناکرێـت، ئیتـر سـەدان کێشـەی جیـاواز دروسـت دەبێـت، سـنورەکان زۆر دەکرێـن، هـەر ڕۆژەو وڵاتێـك زیـاد دەکات، وڵاتێـك دەکـەن بـە ٤ پارچـەوەو دواتـر پارچەکـەش دەبێتـە ٤٠ پارچـەی تـرەوە! دواتریـش کـەس ناتوانێـت ئـەو خەڵکـە کۆبکاتـەوە، حیزبـی بـۆ دروسـت دەکـەن لەنـاو حیزبەکـەدا باڵـی لـێ دەبێتـەوە، ڕێکخـراوی بـۆ دروسـت دەکـەن لـە نـاو ڕێکخراوەکـەدا هەرکەسـەو بەلایەکـدا رایدەکێشـێت، کـورە ئـەی هـاوار دەڵێـن بـا واز لـە سیاسـەت بهێنیـن و بـۆ خۆمـان جەوێـك بگۆڕیـن و تـۆپ تۆپێنێـك بکەیـن، سـەدان کـەس دەبنـە قوربانـی تۆپێکـی بـێ گیـان، لـە ئەوروپـای دیموکراسـی یـەك یـاری بـێ کێشـەی فیزکـی کۆتـای نایـەت، جگـە لـە کینـەو ناوەکیـەکان. چـاك لەیادمـە لـە لەنـدەن بـۆ مـاڵ برایـەك رۆشـتم، کەوتمـە نـاو هۆسـەو شـەڕە بتـڵ و خۆنیشـاندان، مـن نەمدەزانـێ چ هوتافێـك بـەرز بکەمـەوە، جلەکانیشـم لـە جلـی هیـچ لایـەك نەدەچـو، یەکـێ جوێنـی پـێ دەدام، یەکـێ باوەشـی پێـدا دەکـردم، لـە بنەڕەتـدا مـن نـە بەشـداربوم نـە لایەنگیـر، ئەسـڵەن هـەر دەمدەزانـی چ هوتافێکیـش بڵێمـەوە! ئـەوان هاواریـان لەیـەك دەکـرد منیـش هـاوار بـۆ ئاسـمان.
ئـەم دونیـاش خـۆی چ یاریەکـی سـەیرە، هەمـووی تێیـدا براوەیـە! کـەس بـە دۆی خـۆی ناڵـێ ترشـە...
زۆرجـار دەڵێـم سـوپاس بـۆ تـۆ خودایـە مەعەدەلـی مـردن زۆر کـورت بوەتـەوە، ئاخـر ئێمـە کـەی بەرگـەی ئـەو هەمـوو نارەحەتیـە دەگریـن! بیرتـان تەنهـا لای کوردسـتان و لای خۆشـمان نەبێـت هەتـا ئەوروپیـەکان، لـە بەریتانیـا یاسـای خـۆ کوشـتن نـی یـە، بـەڵام سـەفەر دەکات بـۆ سویسـراو بـە ئـارەزوی خـۆی داوای خـۆ کوشـتن دەکات.
بەچـاوی خـۆم دوو ئافرەتـی سـویدیم دی خۆیـان کـرد بـە ژێـر سـەیارەوە

لە ئۆتۆبان! چەند دونیایەکی سەیرە، لەو ئافرەتانە بە کیلۆ ئاڵتونی بۆ دەکرێت لای خۆمان، کەچی ئەوان خۆیان بەو شێوە فڕێ دەدەنە بەر سەیارە، پۆلیسەکە گرتبوی، بە حەماسەتەوە خۆی هەڵپڕوچقاند لە دەستی و کەوتە بەردەم سەیارەکە، دیمەنەیەکەی هەردەم لە یادم ناچێت، چۆن رۆشت بە ئاسماندا.

لە زانکۆ دەوامم دەکرد لەسەر کۆمپیوتەر بووم و ئیشی قوتابیم ڕایی دەکرد، لە پڕ قوتابیەك خۆی کرد بە ژورداو هاواری کرد مامۆستا راکە! مامۆستا راکە! کە رۆشتم وتی سەیری ئەو بینای بەرانبەر بکە، دیم گەنجێك هەر ڕێك لە تەمەنی خۆم و ئەو کاتەدا بوو، لەسەر بیناکە بە روی دەرەوە قاچی شۆڕکردبویەوە، تا عەسرێکی درەنگ ئەو گەنجە بەو شێوەیە بو، پۆلیس و دکتۆرو هێزی دونیایان هێنا قەناعەتی پێ بکەن خۆی نەخانە خوارەوە، ئاخری خۆی فڕێدایە خوارەوەو هەر با ئاسمانەوە مرد، چون ٤١ متر بەرزیەکەی بوو بیناکە، ئەو رۆژە تەواوی سەنتەری بێرمینگهام سەیر کەری ئەو گەنجە بوون، هەمووی دەست لەسەر دڵ و وەك فلیمی سامناك، دواتر لە بی بی سی خوێندمەوە، نوسرابو دوای ئەوەی گەنجێك کەوتە خوارەوە لە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو، بەبڕوای من بە ئاسمانەوە گیانی دەرچو نەك لە نەخۆشخانە، بەڵام وەك وتم راگەیاندنەکان!

هەمومان بەجۆرێك لە جۆرەکان داشۆراوین لە مرۆڤایەتی بون، ئاخر عەزیزانی من، خوای گەورە کە باسی ستەم دەکات لە قورئاندا، ستەم هەر ستەمە، ئەگەر تۆ بەڕیشەوە بیکەیت و منیش بێ ریش، ئەگەر هەر پەڕۆیەکیشت بەدەستەوە بێت، جیاوازی چی یە سەوزو زەرد لە کۆتایدا هەر نەوەی وڵاتەکەیەو بەناحەق لەناو دەچێت!

من تا ئێستە ناتوانم دیمەنی ئەو پێشمەرگە پارتیە لەبەرچاوم

بسڕمەوە کە بەدەستی یەکیەتی کوژرا، تاوانی هەرچی بوبێت ئەو بێ دەستەڵات بو، بۆچی بەبێ دادگای کوژرا، ئەوە چ جۆرە قەومێتێکە بەو شێوەیە قەومەکەی خۆی لەناو دەبات، کە دەمی دادەچەقاندو خوێن لە پشتە سەریەوە دەرچو، ئیتر مرد، ئەو جارێك مرد من لەو کاتەوە سەدان جار مردوم.
تا ئێستە دەگریم بۆ ئەو خزمەم کە یەکیتی بو بە دەستی پەکەکە کوژرا، چەند جار ڕۆشتمە قەندیل بەدوای منداڵدا، لە دیوێك قسەم لەگەڵ بەرپرسەکان دەکردو سۆراغی کەسێکمان دەکرد، ئەویش لەو دیوە بە ناڵەو گریان.
ئاخر چۆن ناخم نەهەژێت لە ئێرانەوە دایکێکی داماو بە گریانەوە تەلەفۆنی بۆ دەکردم کە کوڕەکەم ڕۆشتوە بۆ ناو پەکەکە، بەڵکو تۆ هەوڵمان بۆ بدەیت بیهێنیتەوە، یەك سەعات دەگریاو دەیگوت ناوی فلانە، منیش بە گریانەوە جوابم دەدایەوە خوشکە عەزیزەکەم ئەوان یەکەم ئیش ناوەکەی دەگۆڕن!
هەتا ئێستە بۆ ئەو کچە گەریلا دەگریم لە ترسی پیاوەکان لە شاخێکەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە، کە باخەڵیان پشکنی تەنها پارچە وەرەقەیەکی تێدا بو نوسرابو ماردین، هەر ئەو پێشمەرگە وتی لە خۆشەویستی و قارەمانیەتی ئەو کچەوە کچێکم بو ناومنا ماردین.
ئێستە من دانیشم و ئەم چیرۆکانە بنوسم، بەقەدەر قورسای خۆم لە ناخمدا هەیە، لە ئەنجامدا من باجی خزم و کەسەکانم دەدەم و بۆیان دەگریم، هەر لە، پارتی، یەکیەتی، پەکەکە، ئیسلامی، هەتا ئەم دوایانەش گۆڕان.
جیاوازیەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەن! لە تیقیەکانیش دەڵێن پێکەوە ژیان!

ئـەوەی لـە ئۆكرانیـا بەچـاوی خـۆم دیتـم هیچـی كەمتـر نـی یـە لەوانـە، تاوانـەكان ئێجـگار زۆرن.
هەمـو دونیـاو راگەیانـدن چـاوی لەسـەر سـوریاو عێـراق و لیبیـا بـو لـەم چەنـد سـاڵەی رابـردودا، بـێ ئـاگا لـەوەی ئـەوەی لـە ئۆكرانیـا رویـدەدا نـەك هیچـی كەمتـر بەڵكـو زۆریـش زیاتـر بـو، ئاخـر چـۆن زیاتـر نەبـو میللەتێكی ئۆكرانـی دامـاو، برسـی، لەو سـەرماو سـۆڵەدا، دوای سـاڵانێكی تولانـی داوای مافـی خۆیـان بكـەن، بیانەوێـت تۆزێـك هەناسـەیەك بەبەریانـدا بێـت، هیـلاك بـون بـە دەسـت فكـرو كوشـتارەوە، روسـیا لەبـەر بەرژەوەنـدی خـۆی و ئەمەریـكا لەبـەر زلهێـزی خـۆی ئـەو گەلـە داماوەیـان كـرد بـە قوربانـی، بەلانـی كەمـەوە ١٣٠٠٠ بـەس كـوژراوی تۆمـار كـراوە هەیـە، گومانـم نـی یـە لـەوەی زۆر زیاتـر لـەو ژمارەیـە هـەر لـە برسـیا لـە سـەرماو لـە ترسـا مـردون. چـون سـەرمای ئۆكرانـی وەك سـەرمای كوردسـتان نـی یـە، كـە كارەبـا دەبڕێـت لـە كوردسـتان خەڵكـی فلیمـە توركیەكانـی لـە دەسـت دەچێـت، بـەڵام لـە ئۆكرانیـا كـە كارەبـاو غـاز ببڕێـت خەڵكـی گیانـی لەدەسـت دەچێـت!
چـۆن لەبیـرم دەچێـت لەگـەڵ دكتۆرەیەكـدا لـە ئۆكرانیـا بەرانبـەرم دانیشـتبو، مـن چاوپێكەوتنم لەگەڵدا دەكرد بـۆ كاروباری زانكـۆ، لەوكاتەدا تەلەفۆنێكی بـۆ هـات، وتـم ئاسـاییە هەڵیگـرە، كـە هەڵیگـرت كەوتـە قسـە بـە روسـی، مـن تێنەدەگەشـم، بـەڵام دەسـتی كـرد بـە گریـان، دواتـر وتـی ئـەوە ئافرەتێكی هاوڕێمـە منداڵـی هەیـە، برسـیە پرسـیاری لەمـن كـرد، كە چ خواردنێـك هەرزانتریـن بێـت و بەشـی پێویسـت پرۆتینـی تێـدا بێـت، تا توشـی بەدخۆراكـی نەبـن، لـە لۆگانسـەوە رایكردبـو بـۆ كیـڤ، ئـەو رۆژەم لـێ بـو بـە جەهەنـم، كـە بـە تـەواوی باسـی كـرد، هـەر ئەوەنـدەم بـۆ كـرا وتـم حسـابی بانكەكەیـم بـۆ وەرگـرە تـا هەندێـك پـارە بخەمـە سـەری

بـۆی.
دواتـر هـەر ئـەو ئافرەتـە ناچـاری بەدرەوشـتی کـرا بـۆ ئـەوەی ئیشـی پـێ بـدەن و منداڵەکانـی نەمرێـت لـە برسـا، بەلاشـتانەوە سـەیر نەبێـت دکتـۆر کەمـاڵ میراودەلـی لـە بـەردەم سـەدان کەسـدا لـە کۆڕێکـدا لـە بێرمینگهـام وتـی: مەسـولی خۆمـان هەبـوە وتویەتـی ٢٠٠ ئافرەتـم دامەزرانـدوەو لەگـەڵ هـەر هەموشـیدا رامبـواردوە، هـەر لـە هەمـان کـۆڕدا وتـی: ئافـرەت هەبـوە بـۆ فەردەیـەك ئـارد ناچـاری بەدڕەوشـتی کـراوە.
ئیسـلام تاکـە هێـزە تـا ئێسـتە توانیبێتـی ١٣٠٠ سـاڵ بـە بەردەوامـی حوکـم بـکات، وە دوای روخانـی خەلافەتیشـی ڕۆژ بـە ڕۆژ هـەر لـە تەشـەنەدا بێـت و بەبـێ دەسـتەڵاتیش خەڵکـی بـە ئـارەزوی خـۆی ئیسـلام قبـوڵ بـکات، رۆژنامەکانـی بەریتانیـا خۆیـان نوسـیویانە هەمـو دینـەکان بەلایەك تەنهـا ئیسـلامیش بەلایـەك، ئیسـلام بەرانبـەر هەمـووی ١٠ هێنـدەی ئـەوان خێراتـر دەڕواتـە پێـش.
هەمـو ئامـارە ئەوروپیـەکان نیشـانیانداوە کـە ئیسـلام دەبێتـە یەکـەم دیـن لـە جیهانـدا بـۆ کۆتایـی ئـەم سـەدە.
راستیشـە لـە مێـژووی هـەم پێغەمبـەر درودی خـوای لەسـەر بێـت هەمیـش خەلافەتـەکان کوشـتار هەبـوە، بـەڵام بـە ویژدانـەوە سـەیر بکـەن لـە تەمەنـی پێغەمبـەردا کـۆی کوشـتارەکان هەمـووی ١٢٨٤ کـەس بـووە، مسـوڵمانان ٢٦٢ بـێ بـاوەڕەکان ١٠٢٢
تەنهـا لـە بەینـی حیزبـە کوردیەکانـی خۆمانـدا چەنـدان جـار لـەو ژمارە زیاتـر کـوژراوە، ئـەم ژمارانـە خـۆ ژمـارەی ئەلیکترۆنـی نـی یـە کاکـە، کوشـتنی کەسـێك بـە ناحـەق وەك وایـە هەمـوو دونیـا کاول بـو بێـت، ئەمـە قسـەی مـن نـی یـە قسـەی قورئانـە ( **فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا** ) المائـدە ٣٢. ئیتـر ئەگـەر کەسـێك بەنـاوی دینیشـەوە ئـەو ناحەقیـە بـکات

دیـن سـزای بـۆ دانـاوە، دەقەکانـی قورئـان بـە پەرلەمـان ناگۆڕدرێـت لـە ئیسـلامدا، یانـی کەسـێك بەناحـەق کەسـێك بکوژێـت دەبێـت سـزای خـۆی وەرگرێـت، ئەگـەر کەسـەکە مەلایـەك و عەمامـە بەسـەرێك بێـت، ئەگەر شـەقاوەیەکی سـەر شـەقام بێت، ئیسـلام سـەیری خـودی تاوانەکە ئـەکات، پۆسـت و پلـەو پایـەو مەزهـەر پاشەکشـە بـە قورئـان نـاکات، لـە مێـژووی حوکمڕانیەتـی ئیسلامیشـدا چـون دەقـەکان لـە پێـش چـاو بـون قبوڵیـان نەکـردوە ناحەقیـان پـێ بکرێـت و شـەڕ رویـداوە، چـون مەسـەلەی شـەڕ خویەکـی شـەیتانی مرۆڤـە لـە دێـر زەمانـەوە هـەر هەبـوە، قورئـان هاتـوە کەمـی بکاتـەوە نـەك زیـادی بـکات، بـە ویژدانـەوە سـەیری مێـژوی سـەرەتاکانی ئیسـلامیش بکـەن وە سـەیری قورئانیـش بکـەن، هەتـا هەندێـك سـزا لێخۆشـبونەکەی بـە ئازادکردنـی بەردەیـە، هەتـا پیاوێـك لـە رەمەزانـدا جیمـاع لەگـەڵ ژنەکـەی خۆشـیدا بـکات عقوبـەی ئـەم مسـوڵمانە زوبـان بـە رۆژوە دەدرێـت بـە ئازادکردنـی کۆیلـە! چ ویژدانێکـە ئەمانـە نابینێـت!

کۆتایـی پێدەهێنـم بـەوەی لـە ئۆکرانیـا بویـن دیمـان هەرایـەو خۆنیشـاندانەو پەیکەرەکانـی لینیـن و سـتالین دەڕوخێنن، ئێمـەش چەنـد کەسێك بویـن وتمـان بـا بەشـداری بکەین، چـون مافەکەیـان رەوایـە، هەتا بـا مسـوڵمانیش نەبـن، حـەق هـەر حەقـە. وتـم بـەڵام برایـان بـا هوتافەکان نەڵێینـەوە چـون ئێمـە تێناگەیـن نـەوەك وشـەی خراپـی تێـدا بێـت و وەك عەرەبەکانـی بەغدادمـان لـێ بێـت، وتیـان عەرەبەکانـی بەغـداد چـی بـوە؟ ئـەم بەسەرهاتەشـم بـۆ گەڕاندنـەوە.

کاتـی خـۆی سـەرکردەی کـورد مـەلا مصطفـی بـارزان لـە سـۆڤیەتەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ بەغـداد، لـە بەغـداد کـوردەکان دەڵێـن بـا پێشـوازیەی گەرمـی لـێ بکەیـن، چـون سـەرکردەی کـوردەو بـا بـە گـەورە شـەهامەتی

نیشـانی عەرەبەکانیـش بدەیـن، ئیتـر هـەروا عەرەبێکـی زۆریـش بەهـۆی برادەرایەتـی کوردەکانــەوە لەگەڵیــان دەڕۆن بــۆ پێشــوازی، هوتــاف دەکێشـن و هـاوار دەکەیـن، بـژی بارزانـی، یەکـێ یاخـوا بەخێـر بێیتـەوە، یەکـێ رۆحـی بزوتنـەوەی کوردایەتـی، هـەروا هوتافـەکان زۆر دەبـن و قەرەباڵغـی دروسـت دەبێـت، لـەو کاتـەدا کوردێـك کڵاشـەکەی دەکەوێتـە ژێرپێـی خەڵکـەوە، ئەویـش ناتوانێـت بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی لەژێـر پێـی خەڵکـی دەری بهێنێـت و هـاوار دەکات کڵاشـەکەم کڵاشـەکەم! ئیتـر هـەروا عەرەبـەو تێنـاگات مـەوزوع چـی یـە بەجارێـك هەمویـان بـە دەنگـی بـەرز هـاوار دەکـەن، کڵاشـەکەم، کڵاشـەکەم، وا دەزانـن هـەر هوتافـە ئـەوەش، نازانـن کوردێکـی دامـاو کڵاشـەکەی لـێ بەجـێ مـاوەو ئێسـتە بـە پـێ خاوسـی رێـدەکات.

ئیسـلامیش دەڵـێ مەبـن بـە ئیمەعـە وەك لـە فەرمودەکـەدا بـەم شـێوەیە هاتـوە:

**(لَا تَكُونُـوا إِمَّعَـةً ، تَقُولُـونَ : إِنْ أَحْسَـنَ النَّـاسُ أَحْسَـنَّا ، وَإِنْ ظَلَمُوا ظَلَمْنَا ، وَلَكِنْ وَطِّنُـوا أَنْفُسَـكُمْ ، إِنْ أَحْسَـنَ النَّـاسُ أَنْ تُحْسِـنُوا ، وَإِنْ أَسَـاءُوا فَـلَا تَظْلِمُـوا) رواه الترمـذي**

ئیمەعـە ئەوەیـە هەرچیـان وت تـۆش شـوێنیان بکەویـت، بەڵکـو دەبێـت سـەیری حـەق و ناحـەق بکەیـت، لـە سـەردەمی ئیمامـی عومەریشـدا حەقـی بـە شمشـێر لـە مسـوڵمان وەرگرتوەتـەوە بـۆ جولەکـە، ویـژدان بـەکار بهێنـن ئـەو شمشـێرە شـایەنی رێـزە یـان سەرزەنشـت.

بـەوەش کۆتایـی پـێ دەهێنـم، لـە فەرمـودەدا هاتـووە کـە مـردوو دەبێـت باسـی چاکەکانـی بکرێـت

**(اذكروا محاسن موتاكم وكفوا عن مساويهم) ضعيف الترمذي**

هیـوادارم کـەس جوێـن نـە بـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی نـە بـە مـام جـەلال

نـه بـه نـەوشـیروانیش نـەدات
ئـەوان ئـەوەی پێیـان کـراوه کردویانـه، بـای ئەوەنـده باشـەیان هەیـه سـودی لـێ وەرگریـن، ئەگـەر خۆشـیان بمایـەن سـودیان لـه هەڵـەکان وەردەگـرت، ئـەی بـۆ ئێمـه سـودی لـێ وەرنەگریـن.

لە ئۆکرانیا بوین دیمان هەرایەو خۆنیشاندانەو پەیکەرەکانی لینین و ستالین دەڕوخێنن، ئێمەش چەند کەسێك بوین وتمان با بەشداری بکەین، چون مافەکەیان ڕەوایە، هەتا با مسوڵمانیش نەبن، حەق هەر حەقە. وتم بەڵام برایان با هوتافەکان نەڵێینەوە چون ئێمە تێناگەین نەوەك وشەی خراپی تێدا بێت و وەك عەرەبەکانی بەغدادمان لێ بێت

مەلا عومەر و مەلا مصطفی،

# پێشوازی و خۆنیشاندان

## (عێراق و ئۆکرانیا)

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6